
زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ژمارە ٨٢ ژمارەی مۆڵەت ١



کۆمەڵێك ئادابی شەرعی

ئادابی شەشەم

ئادابەکانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز



نووسین و ئامادەکردنی
م. هەڵگورد مصطفی گەڵاڵەیی

چاپی یەکەم ١٤٣٧

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

ئادابەكانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز

١) خوێندنەوەی قورئان بە دەست نوێژەوە : باشتر و خێرترە قورئان بە دەست نوێژەوە بخوێنرێتەوە بە تایبەتی ئەگەر لەسەر (مصحف) بخوێنرێت .

٢) خوێندنەوەی قورئان بەرەو ڕووی ڕووگە (قیبلە) : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه فەرموویەتی : ((إنَّ لِكُلِّ شيءٍ سيّداً وإنَّ سَيّدَ المجالسِ قبالةَ القِبلةِ)) رواه الطبراني وحسّنهُ ألألباني . واتە : بەڕاستی هەموو شتێك گەورەیەكی هەیە و گەورەی هەموو نیشتگەیەكیش بەرامبەر بە ڕووگەیە (قیبلە) .

٣) سیواك كردن پێش خوێندنەوەی قورئان: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿طَيِّبُوا أَفْوَاهَكُمْ بِالسِّوَاكِ ، فَإِنَّهَا طُرُقُ الْقُرْآنِ﴾ صححه الالباني . واتە: دەمتان پاك بكەن بە سیواك , چونكە بەڕاستی دەم شوێنی دەربڕین و هاتنە دەرەوەی ووشەكانی قورئانە .

٤) خوێندنەوەی قورئان بە ڕێك و پێكی و لەسەرخۆیی : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً﴾ المزمل : ٤ . واتە: قورئان بە ڕێك و پێكی و لەسەرخۆ بخوێننەوە .

٥) خوێندنەوەی قورئان بە دەنگی خۆش : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ﴾ رَوَاهُ الْبُخَارِيّ . واتە لەسەر سوننەتی ئێمە نەڕۆیشتووە لە قورئان خوێندنەوە دا ئەوەی دەنگی خۆش نەكات لەكاتی قورئان خوێندنەوە دا .

وە فەرموویەتی : ﴿ زَيِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ ﴾ صحيح الجامع : ٣٥٨٠ . واتە: قورئان

برِازێننەوە بە دەنگەکانتان .

٦) **خوێندنەوەی قورئان بە خشوع و ترسان لەخوا :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿ إنَّ أَحْسَنَ النَّاسِ صَوْتًا بِالْقُرْآنِ الَّذِي إِذَا سَمِعْتَهُ يَقْرَأُ رَأَيْتَ أَنَّهُ يَخْشَى اللَّهَ تَعَالَى ﴾ صحيح الجامع: ٢٢٠٢ . واتە بەڕاستی خۆشترین دەنگی خەڵك لە قورئان خوێندنەوە دا ئەو کەسەیە کاتێك گوێت لە قورئان خوێندنەوەی دەبێت دەزانیت کە لە خوا دەترسێت و بە خشوعەوە دەیخوێنێتەوە .

٧) **ووتنی :** ﴿أعوذ بالله من الشيطان الرجيم﴾ ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾ . النحل : ٩٨ . واتە: ئەگەر قورئانت خوێندوە پەنا بگرە بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێ کراو .

٨)**وورد بوونەوەو بیرکردنەوە لەمانای ئایەتەکانی :** خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا ﴾ محمد: ٢٤ . واتە : ئایە ئەوە بۆچی ئەوانە لە ئایەتەکانی قورئان ڕانامێنن و بیر ناکەنەوە ؟! یان ئەوەیە دڵەکانیان لەئاستی ڕاستیدا قفڵ دراوە.

٩)**خەتم نەکردنی قورئانی پیرۆز لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژ :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿ لَا يَفْقَهُ مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ فِي أَقَلِّ مِنْ ثَلَاثٍ ﴾ . صحيح أبی داود: ١٢٥٧. واتە: تێ ناگات لە قورئان ئەو کەسەی لەماوەی کەمتر لە (٣) ڕۆژ هەموو قورئان بخوێنێتەوە .

١٠) **پەنا گرتن بەخوا لەکاتی خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی باس لە سزا دەکەن وە داوای پاداشت کردن لەکاتی خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی باسی پاداشت و ڕەحمەتی خوا دەکەن .**

١١) گوێگرتن و بێ دەنگ بوون لەکاتی بیستنی قورئان : خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾. الأعراف : ٢٠٤ . واتە: ئەگەر قورئان خوێندرا گوێی لێ بگرن و بێ دەنگ بن ، بەڵکو خوا بەزەیی پێتان دا بێتەوە و ڕەحمتان پێ بکات .

١٢) کردەوە کردن بەم فەرمانانەی تێیدا هاتووە ، وە دوور کەوتنەوە لەم قەدەغە کراوانەی نەهی لێکراوە .

١٣) سوجدە بردن لەکاتی خوێندن یان بیستنی ئایەتی (سوجدە) دا : سوجدەی خوێندنی قورئان حوکمەکەی سوننەتە و واجب نیە ، وە چۆنیەتیەکەی هەر کاتێك ئەو ئایەتەت خوێندەوە کە لە کۆتاییەکەی نیشانەی سوجدەی تیلاوە هەیە، ڕاستەوخۆ یەکجار ڕووەو قیبلە دەچیتە سوجدەو ئەم زیکرە بخوێنە: ﴿سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴾ ، ئینجا سەرت هەڵبڕە بەبێ ئەوەی سەلام بدەیتەوە .

١٤) نیاز پاکی بۆ خوای گەورە لە خوێندنەوەی قورئان و دوور کەوتنەوە لە ڕووبینی و حەز نەکردن بە مەدح کردنی خەڵك .

١٥) نەخوێندنەوەی قورئان لەناو ڕکوع و سوجدەدا.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

٨/ ذو القعدة ١٤٣٧هـ — سۆران — ٢٠١٦/٨/١١م

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین سۆران ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠